# زمان و شاعیر

# شیرییەت شایتحاڵی تەواوی سەردەمەکان

خەزعەل ئەلماجدی

**و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا**



٢٩ی کانونی یەکەم ٢٠٢٤ وتار

وزەی زمانی شیعری پەرت نییە، پارێزراوە. بە پێچەوانەی وزەی زمان لە بوارەکانی دیکەدا کە بەرەو سوودگەرایی و دەستاودەستکردن و تێگەیشتن دەبێتەوە... وزەی شیعری لە چوارچێوەی فۆڕمی شیعریدا پارێزراوە، نە دەگۆڕێ و نە لە کار دەکەوێ. ئایا بەپێی ئەو تێگەیشتنە، دەتوانین شیعر لە ڕووی زمانەوانییەوە پێناسە بکەین و بڵێین شیعر زمانە، کاتێ وزەی خۆی دەپارێزێ. لە ڕووی زمانییەوە پێناسەی پەخشان بکەین و بڵێین پەخشان زمانە،

کاتێ پەرت دەبێ، یان وزەکانی بەکار دەهێنین، یان لە پێناو شتێکی دیاریکراو سوودی لێوەردەگرین. لەو دەرئەنجامەشەوە بڵێین زمان لە شیعردا هێزێکی نەگۆڕە، لە کاتێکدا زمان لە پەخشاندا هێزێکی گۆڕاوە، بۆ جۆرێکی تر، بۆ نموونە پەخشانی دەرەکی (بابەتخوازی و زانستی) زمان بۆ کار، هەواڵ، هاندان، وەسفکردن دەگۆڕێ، پەخشانی فێرکاری بۆ زانست و زانیاری دەگۆڕێ. بەڵام هێزی زمانی شیعر ناگۆڕێت، بەڵکوو لە ناوەوەی خۆیدا بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە. پەخشان لە مێژوودا جێگیر دەبێت، شیعریش بەرەنگاری مێژوو دەبێتەوە، چونکە ناگۆڕێت و دوای مێژوو ناکەوێت، بەڵکوو شتێ لە ناوەوەی گوتار و ڕووداوە قەدەغەکراوەکانی دەوروبەری لە خۆدا هەڵگرتووە. بۆ نموونە قەسیدەکانی (موتەنەبی) لە بەرانبەر سەدەی چوارەمی کۆچی وەستاون، لە کاتێکدا دەسەڵات و میدیا و هەواڵ و یاسا و دابونەریتەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی کەوتوونەتە نێو مێژووەوە. لە سەدەی نۆزدەمی پڕ لە ڕووداو و هەواڵ، قەسیدەکانی ڕامبۆ وەستاون، وەك ڕۆناکییەکی درەوشاوە و تازە، بە هێز و چالاکییەوە لە مرۆڤ دەڕوانن. ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە پەیام ((پەیامی شیعری)) دەبێ بابەتەکەی لە خودی خۆیدا بێ (بابەتەکەی لەو شتانە وەرنەگرێت، کە دەوری داوە و ئاماژە بە شتەکانی دەوروبەری خۆی نەکات).. ئەوە پەیامێکی شیعرییە، وەك ئەوەی لە دەقی شیعریدا هەیە؟

هەڵبەتە نا.. چونکە کاتێ باس لە ئەرکەکانی زمان دەکەین و دەبینین یەکێك لە ئەرکەکانی زمان، شیعرییەتە ((لەبەر ئەوەیە کە ناوەڕۆکی پەیامەکەی یان زمانەکەی خودی زمانەکەیەتی، نەك ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکات)) ئەو قسەیە ((واتە پەیامی شیعر)) تەواو لەگەڵ قسەکانمان لە بارەی ((هونەری شیعری)) جیاواز دەکەوێتەوە، چونکە شیعر نواندنێکی هونەرییە، ((بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نواندنی هونەری)) تەنیا ئامانجەکەی نییە. با بە وردی بڵێین ئەوە شیعرییەتە وەك ئامانجێك تەنها لە ڕێگای هونەرەوە دەتوانرێ بەدەست بهێنرێت، بەڵام ((ئەرکی شیعر))یش دەشێ لە مەبەست ((پەیامی شیعری)) یان ئامانجی شیعریدا هەڵگرینەوە، کە ڕەنگە شیعر تێیدا سەرکەوتوو بێت، یان لە بەدیهێنانیاندا سەرکەوتوو نەبێت. ((ڕوونکردنەوەی)) ئەو قسانەش بە گشتی ((خودێتی و زمانەوانی و تەمومژی)) شیعری کەم دەکاتەوە و بە شیاوی چارەی دەکات، چونکە سروشتی ئەو پەیامەی کە چارەی دەکات، ئەوەیە کە خودی زمانی ئاڵۆز چەمکێکە دەبێ بوروژێندرێت، چونکە هەمیشە سەرلێشێواوییەکی گەورە لەنێوان ئەرکی شیعری و ئەرکەکانی دیکە (کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەیی و سۆزداری و سوودگەرایی.. هتد) درووست دەکات، کە دەکەونە

چوارچێوەی ئەرکە بابەتییە لەکارکەوتووەکانی زمان. لێرەدا بە هیچ شێوەیەك مەبەستم داخستنی ئامانجی زمانی شیعری ((پەیامی شیعری)) نییە، کە هەمیشە کراوەیە، بەڵکوو دەبێ بزانین کە شیعر((هونەری شیعری)) ئەگەر ملکەچی ئەو ئەرکانە بێت، ئەوە ئامانجی خۆی ((وەك شیعر- زمانی شیعری)) لە دەست دەدات و دەبێتە پاشکۆ بۆ ئەرکی دیکە. لێرەدا ناتوانین ئەو کارە یەکلا بکەینەوە و بڵێین ئەوەی شیعر دەنووسێ دەبێ بەو ڕێچکەیەدا بڕوات. بەڵکوو شاعیر دەبێ لە خۆیەوە ((بە شێوەی تایبەتی خۆی)) پارێزگاری لە شکۆی شیعر و ڕوونی و وزەی شیعری بکات، شاعیر دەبێ هۆشیارییەکەی تا ئەو سنوورە بێ، کە نەکەوێتە ژێر چەکوشی ئامانجەکانی دیکەی زمان، پاشان شوێنکەوتە و ملکەچیان. شاعیر دەبێ بۆ ئامانجی شیعر هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت، پێویستی بە هۆشیارییەکی گەورەی شیعری یەکگرتوو هەیە، دەبێ لەگەڵ کاتدا هەنگاو بنێ، خۆی لە هەموو ئەو ڕێگایانە بدزێتەوە، کە بەرەو گەڕانەوە و بێبایەخی و موجامەلەی دەبەن.

**شوشتنەوەی وشەکان**

وشە لە شیعری کۆندا ناسنامەی دیار نییە، بە ئاراستەی ئەو مانایەدا دەڕوات، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆی پێشنیار کراوە، لە پێناوی دروست کراوە.. بۆیە وشە تەنها وەك ئامرازێ بۆ بەکارهێنان و گەیاندن دەمێنێتەوە، نە زۆر نە کەم.. وشە لە شیعری کۆندا هیچ کەسایەتییەکی نییە.. چونکە لە شیعری کۆندا ((مانا)) دۆخەکە بەڕێوە دەبات. بەڵام ئەگەر وای دابنێین کە زمان لە پێکهاتن و هەڕەمەکییەت و یاسا ناوەکییەکانیدا هاوتای ژیان بێت، لەبەر ئەوەی زمان لە خودی ژیان و پێشکەوتنەکانی ژیانەوە گەشەی کردووە، کەواتە ئەی بۆچی دەستەواژەکان (وشەکان) بە بوونەوەری زیندووی ئەو ژیانە نازانین، کە کەسایەتی و سەربەخۆیی خۆیان هەیە، وەکو ڕووەکەکان و ئاژەڵەکان و زیندەوەرە وردەکان، کە ژیانی شاراوە و تایبەتی خۆیان هەیە، زۆربەی جاران هەر نایانبینین، تەنها ئەوانە نەبێ کە دیارن و پەیوەندییان بە یەکترییەوە پەیوەندیی مانەوە و ململانێ و ئەزموون و هاوژیانییە. دەشێ لە ژیانی ڕۆژانەدا زمان ئامرازی گەیاندن و تێگەیشتن بێ، وشەکان ((بوونەوەرە زیندووەکان)) قوربانی بە کەسایەتی و ژیانی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە مرۆڤ بگات، بۆ ئەوەی ئەو لەیەکگەیشتنە بەردەوام بێ. بەڵام ئایا هیچ دەستەواژەیەك بەو

قوربانیدانە خۆبەخشانەیە ڕازییە؟ نەخێر، بەڵکوو ئەوە بەکاربردنە ڕازییان دەکات. بەڵام ئەدەب ئەو بەکاربردنە ڕەت دەکاتەوە و دادپەروەری لەگەڵ ئەو بوونەوەرانە و پەیوەندییەکانیان دادەمەزرێنێ و شکۆیان بۆ دەگەڕێنێتەوە، لەو ڕووەوە شیعر ژانرێکە زیاد لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب پارێزگاری لە پەرتبوونی وشەکان (دەستەواژەکان) و پەیوەندییەکانیان دەکات، لە هەموو ئەو بەکارهێنانانە ڕۆژانەییە، یان ڕۆتینییەی کە کەسایەتیی وشەکانیان پیس کردووە و تێکشکاندووە، پاکیان دەکاتەوە و شکۆ و هێزیان بۆ دەگەڕێنێتەوە.. دەیانخاتە نێو بەکارهێنانی نوێ و ژیانی ((ژیانی زمانەوانی نوێ)) یان بۆ دەڕەخسێنێ و دەیانخاتە نێو پەیوەندییەکی نائاسایی و چاوەڕواننەکراوەوە.. جێگایان بۆ دەدۆزێتەوە و وایان لێ دەکات تێیدا نیشتەجێ بن، بەم جۆرە دەقی شیعری سەرسامی درووست دەکات، چونکە: واتای نوێ ((ژیانی نوێ)) بە وشە دەبەخشێت. وشە دەخاتە پەیوەندیی نوێوە. بەم جۆرە زمان نوێ دەبێتەوە و ئەو نوێبوونەوەیەش دەبێتە نوێبوونەوەی ژیانی مرۆڤ و بووژانەوە و گرژی و نەشونماکردنی مرۆڤ.

پەیوەندییە زمانەوانییە کۆنەکان لە شیعر و پەخشاندا پەیوەندیی دیاریکراون یان وەك ڕەوانبێژی پۆلین کراون، ناشێ لێیان دەرچین و نکۆڵی لە ڕەوانبێژییان بکەین، بەڵکوو دەبێ چوارچێوەیەکیان بۆ بدۆزینەوە و لە شێوازێکی چەقبەستوودا دایانبنێین، بەوەش دەستەواژەکان و پەیوەندییەکانیان لە شیعری کۆندا بە هۆی تووندی سیستمی زمانەوانی و عەقڵی و کۆتوبەندکردنیان لە چواچێوەی ڕۆحی مرۆییدا تووشی پووکانەوە دەبن، بەم جۆرە ڕزگارکردنی شیعر و عەقڵ لەو هێزە نەرێیە پێویستی بە دیدگایەکی ڕیشەیی هەیە! ئەو دیدگایەش دەبێ شتێ لەخۆ بگرێ کە ژیانی ئاسایی و لەکارکەوتوو نەتوانێ بیبڕێت، شتێکی سەرووی سروشتی، شتێکی ناوازە و لەپڕ کە بشێ وەك پێویست دەستەواژە و پەیوەندییەکانیان لە داڕشتنەوەی نوێدا بنوێنێ. ڕێبازی بونیادگەری لێکۆڵینەوە لە بارەی پەیوەندی نێوان دەستەواژەکان وەك حەقیقەتی زمانەوانی و جەوهەری زمان (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، شێوازگەری) بە کاری لە پێشینەی خۆی دادەنێ و لەوەشدا گەیشتۆتە دەرئەنجامی زۆر گرینگ، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەشدا بوونی (وشە) و دەستەواژەکانی پشتگوێ خستووە و تەنها وەك پارچەکانی شەترەنجی داناون، کە دەشێ دار بن یان ئاسن یان قوڕ و هەوێر، کە هیچ جیاوازییەکی گرنگیان لە وازیکردنی شەترەنجدا نییە و دواتریش هەر بەو پێودانگە گەمەی زمانەوانی ملکەچی سیستمی ناوەوەی زمان دەکات. ئەگەرچی بونیادگەری

له هەندێ لە تیۆرییە جۆراوجۆرەکانیدا گرنگترینیان تیۆریی زایندەیی ((تەولیدی)) ((چۆمسکی)) کە بە ڕاستی لە ڕووی یاساکانی زمانی زایندەیی و گۆڕانکاری ((تەولیدی و تەحویلی))دا، وێنایەکی ڕازیکەر بە دەستەوە دەدات. دوور لەو لێکۆڵینەوە زمانەوانییە گشتییانە، ئیتر دەستەواژەکان هەروا مانەوە، تا لقێکی تایبەت بە ناوی زانستی ئاماژە (علم الدلالە) هاتە ناوەوە، بەڵام ((ئەو لقە)) لەگەڵ زانستی زمان تێکەڵ نەبوو، تاکوو بەیەکەوە وێناکردنێکی ڕازیکەر لەبارەی زمان بە گشتی و شیعرییەت بە تایبەتی بخەنە ڕوو. شاعیر بۆ خۆی دەبێ لە هەموو ئەو زانستانە قووڵ بێتەوە، نابێ هەر تەنها پێیانەوە پابەندبێ، بەڵکوو لەسەری پێویستە تێیانبگات و هەرسییان بکات، پاشان لە یاسا سەختەکان بگوزەرێ. ((وەك کۆتوبەندی نووسین تەماشایان نەکات)) بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە بەدوایاندا نەچێ و لێیان تێنەگات، بەڵکوو بە پێچەوانەوەوە شاعیر دەبێ ئاگای لە زانستەکانی زمان بێ و بەدوای لێکۆڵینەوەی زمان و تێگەیشتنی زمانەوە بێ و هۆشیاری لێیانەوە بەدەست بهێنێ.. زۆرێك لە شاعیران حەز لە بوارەی زمان ناکەن، بەڵام بنەمای نووسینی شیعر پەیوەندی بە تێگەیشتنی تایبەتی زمانەوە هەیە، شاعیر دەبێ پارێزگاری لە زمان بکات و بچێتە نێو تایبەتمەندییەکانی زمانەوە، بە تایبەتی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی پەیوەندی بە شیعرەوە هەیە، بەو مانایەش ((لەخۆوەیی)) و دەرچوون لە ڕێچکەی ((ناوکۆیی)) باو، ئەوکاتە بە جوانی دەردەکەوێت، کە شاعیر لە قۆناغی نەخوێندەوارییەوە بەرەو قۆناعی مەعریفە هەنگاو دەنێت. چونکە هۆشیاری دەرگای فرەوانی گفتوگۆ دەکاتەوە. ئەگەرچی شاعیری خاوەن بەهرەی گەورە و کەم ڕۆشنبیر، پێویستی بە برێکی زۆر لە ((خۆبەخۆیی)) و ((هەڕەمەکییەت)) هەیە.. بەڵام شاعیری پڕ بەهرە و پڕ لە ڕۆشنبیری پێویستی بە دوو ئەوەندە توانای ((خۆبەخۆی)) و (هەڕەمەکییەت) هەیە، چونکە ((نووسین)) هەمیشە ناچاری دەکات، کە ئەو ڕۆشنبیرییە گەورەیەی خۆی بە شێوەی ((خۆبەخۆی)) بیخاتە ڕوو. لێرەوە دەشێ گرفتەکانی پێشوو شی بکەینەوە و بڵێین: شاعیری باش و خوێندەوار، زۆر لە شاعیرێکی نەخوێندەوار، پێویستی بە ((خۆبەخۆیی)) و ((هەڕەمەکییەت))ە، بۆ ئەوەی بە باشی پارێزگاری لە تازەبوونەوەی بەهرەکەی خۆی بکات. ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە بۆچی شاعیرە نەخوێندەوارە باشەکان، لە فرە ڕۆشنبیری دەترسن؟! چونکە دەزانن هەتا ڕۆشنبیرییەت زۆرتر بێت، پێویستیت بە ((خۆبەخۆی)) قووڵتر و بە پیتتر دەبێت. خودی ئەو شیکردنەوەیە ڕۆناکی دەخاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە ئەو شاعیرە باشانەی دوای ڕۆشنبیرییەکی زۆر بەهرەی شیعرییان کز دەبێ، لەو شاعیرانەن کە هەر

له بنەماوە ((خۆبەخۆبوون)) و ((هەڕەمەکی)) بوونیان دیاریکراو بووە، بۆیە توانای ئەو ڕۆشنبیرییە و مەعریفە زۆرەیان نەگرتووە و بەهرەکەیان تێکشکاوە. ئەوان قەوارەی بەهرەی خۆیان نەدەزانی، بۆیە تێکشکان، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی مەعریفە و ڕۆشنبیرییان بەدەست هێنا، چونکە هەرگیز مەعریفە و ڕۆشنبیری جێی بەهرەی شیعری ناگرێتەوە! بەهرەی شیعری گەورەترین گەنجینەیە، کە مرۆڤ لە ژیاندا دەیدۆزێتەوە، بە ڕاستی بە داخەوە کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە دەستی دەدات. با بۆ ڕەوتی نووسینەکە بگەڕێینەوە و ببینین کە شاعیری حەقیقی ئەو کەسەیە، کە بە شێوەیەکی دیکە لە زمان ((وشە و پەیوەندییەکانی)) ڕادەمێنێ و سازشیان لەسەر ناکات، هەمیشە وشەی سەرسوڕهێنەر، نامۆ دەڵێ کە پێشتر گوێمان لێی نەبووە.

## شیعر و قسەکردن

ئەگەر لە بارەی زمان وەك سیستمێکی کۆمەڵایەتی و قسەکردن بەو مانایەی کارێکی تاکەکەسییە (فردییە) لەنێو سیستمی کۆمەڵایەتیدا، بۆ لێکجیاکردنەوە بە ناوبانگەکەی (دی سوسێر) بگەڕێینەوە، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زمان لە کتێب و فەرهەنگ و گرامەری زمانەوانی نیشتەجێیە، بەڵام قسەکردن لە شەقام و کارگە و نێو ماڵاندا بە وزە و چالاکییەوە دەجووڵێتەوە. شیعر کارێکی تایبەتی و تاکەکەسییە بۆیە دەکەوێتە نێو قسەکردنەوە ((لێرەدا قسەکردن بە مانای زاراوەکان نایەت))، کەچی گیروگرفتەکانی شیعر ئەوەیە، کە لەنێو قسەکردندا بەشێکی تایبەت و خودییە. شیعری کۆن ((لە ڕێگای بیستنەوە)) بوو. بەڵام شیعری نوێ، پاش ئەوەی چاپکردن دەرکەوت، کە کتێب و نووسین لەنێو خەڵك بڵاو بۆوە، ئیتر خوێندنەوەی شیعر، جێگای بیستنی شیعری گرتەوە، واتە کە نووسین دەرکەوت، شیعری نوێ سەری هەڵدا و جیاکردنەوەی ئەرکی بیستنی شیعری لێکەوتەوە، ((واتە شیعر لە سیستمی بیستنەوە بۆ سیستمێکی خوێندنەوە هەنگاوی نا)). لێرەوە ئیتر کەوتینە پارادۆکسێکی نوێوە. شیعری کۆن بە قسەکردنی زارەکییەوە بەندە، یان دەبیسترێت و لەگەڵ تامی قسەکردنی زارەکی سەردەمەکەی بڵاو دەبێتەوە، ئەو تامەش نامێنێ کاتێ ئەو شێوە قسەکردنە بەسەر دەچێت. بەڵام شیعری نوێ بە قسەکردنی نووسراوەوە بەندە، بایەخەکەی ئەو کاتە کەم دەبێتەوە، کە سەلیقەی باوی سەردەمەکەی بەسەر چێژەکەیدا

زاڵ بێت. بەم جۆرە زمان ((زمانی قسەکردن)) لە بۆتە نووسینی شیعری نوێدا دەوڕوژێ ((زمان دەنووسرێتەوە)) و شیعر پشت بە گۆڕانکارییەکانی نووسین دەبەستێ، گرنگترین گۆڕانکارییەکانیش کە پێی هەڵدەستێ سەرەولێژکردنی ئەرکی تەواوی شیعر و گۆڕینی ستراتیژییەتی ئامانجی شیعرییە، بە جۆرێك کە شیعری (شەعبی) ئەوەی کە بۆ دەستاودەستکردن پەیوەندیی خۆی بە قسەکردنی ((خەڵك))ەوە ڕاگرتبوو، (لە جەوهەردا) هێندە بە نووسینەوە پەیوەست نەبوو، شیعری شەعبی بێ ئەوەی نیازێکی هەبێ دوو جۆر بوو: یەکێکیان خۆی دادەهێنا و خۆی لە ڕێگای نووسینەوە ((نووسینی بیستنەوە)) دەبینییەوە و لە ڕێگای نووسینەوە کاریگەری درووست دەکرد. ئەویدیکە دەکەوتە سەر ڕووکاری زمان یان ((بیستنی بیستنەوە)) قسەکردنەوە، وەك ئەوەی شێوەیەك بێ لە شێوەکانی پەیوەندیکردن بە کۆمەڵگاوە. ئەرکی (بیستن) لە شیعری کۆن، یان شیعری شەعبی ((زمان دەبیسترێتەوە)) لەلایەن کۆمەڵ (وروژان)ی دەنایەوە و جیاواز لە ئەرکی (بینین)ی تاکەکەسی ((زمان دەنووسرێتەوە)) لە شیعری نوێدا! بەم جۆرە بەرانبەر ڕەگەزێکی نوێ دەبینەوە، کە پێویستی بە یەکێك لەو دوو شێوازە هەیە: یەکێکیان شیعرە و ئەویدیکە شیعر نییە! لێرەوە مەترسییەکی نوێ دەست بەسەر شێوەکانی چێژ و گۆڕانکارییەکاندا دەگرێت، کە ڕەنگە بکەوێتە دەرەوەی تێگەیشتنی ئەدەبی و بە تەواوی سەیرورەی مرۆڤایەتییەوە بلکێ. واتە لە ئەدەبەوە تا بە بوونی خودی مرۆیی دەگات. ئەدەبی کۆن هیچ شێوازێکی ڕادیکاڵ و پرجۆشی ئەدەبی بەدەست نەهێناوە، بەڵکوو هەمیشە بە پەلە شێوازەکانی خۆی گۆڕیوە، ئەوەش ئەگەرچی لە ڕاستیدا لە ئەنجامی هۆشیارییەوە بوو، بەڵام بەدبەختی ئاگایی نووسەرانی لەوەدا بوو، کە نەیاندەتوانی لە بەرانبەر ئەو سەردەمانە بە شێوەیەکی قووڵی نیگەرانئامێز بووەستنەوە.. جگە لەوە کارەکانیان بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییە فیکرییەکانی نەبوو، کە خودی خۆیان پێی هەڵدەستان، تا بتوانن ئەدەبێکی (خودی) نوێ بونیاد بنێن، بەڵکوو زمانێکی ئاسۆیی هاوبەشیان هەبوو، کە دەکەوتە نێوان خەڵك و شێوازی نووسینی ستوونی نوێنەرایەتی دەکرد، چ لە ناوەوەی نووسەر، ناخی نووسەر -چ وەك هاوبەشیکردنی خەڵك- لێرە ((لە نووسینی شیعری شەعبی)) زمان وەك مێژووی مەعریفە، ئاوارەی ڕابردوو بوو، بەڵام شێوازی نووسینی شیعری نوێ لەنێو مێژووی گشتیدا، بازدانێکی تاکەکەسی داهێنان و خەلقکردن بوو، هەوڵێك بوو یان کۆمەڵە هەوڵیکی تاکخوازانە بوو بۆ بووژانەوە و گۆڕینی بونیادی زمانی باو. لەسەر ئەو بنەمایە مێژووی ئەدەبی کۆن، مێژوویەکی خاو و بێزارکەر بوو،

کە تێیدا گۆڕانکارییەکان هەڵبەز و دابەزییان بوو، لە شێوە و ناوەڕۆکی ژانرە ئەدەبییەکاندا نارێك دەردەکەوتن، بەڵام مێژووی ئەدەبی نوێ، خەریکە خێراتر دەبێت، نەك هەر وەك مێژووی نەشونماکردن، بەڵکوو وەك مێژووی داهێنان و خەلقکردن، بەپێی زاوزێکردنی پشتاوپشتگەری بەڕێوە ناچێ، بۆیە داهێنان لە ئەدەبی نوێ تاکخوازانەیە، باوك و کوڕ ناناسێ. تاك درووستکەرێکە، بەڵام لۆژیکی پشتاوپشتگەرێتی کە ئەدەبی کۆن بانگەشەی بۆ دەکات، تەگەرەیەکە لە تەگەرەکانی بەردەم وزە و هەڵسانەوە و جوانی ئەدەبی نوێ.

## چالاکردنی زمان لە ڕێگای شیعرەوە

دوای ماندووبوونێکی زۆری ڕەخنەگری فەرەنسی (پێریس) بۆ دۆزینەوەی پێناسەکردنێکی وردی شیعر لەژێر ڕۆناکی بەردەوامی دەرچوون لە ناوکۆییەکان، دوای دروستبوونی ململانێیەکی توندی نێوان شیعر وەك مەترسییەکی بەردەوام و پەخشان وەك مەترسییەك بە دژی شیعر، دوای هەموو ئەوانە (پێریس) گەیشتە ئەوەی بڵێ ((زمان ناتوانێ گوزارشت لە شیعر بکات، بەڵکوو شیعر فێڵ –لە زمان دەکا- یاخیبوونە، خەباتە بە دژی زمان) کەواتە چۆن ئەو دوو ڕستەی خوارەوە بەیەکەوە دەگونجێنین (شیعر گوزارشت لە زمان دەکات) (شیعر لە زمان یاخی دەبێت))؟. ڕەنگە چەمکی (لادانی زمانی) ئەوەی (کۆهین) پێشنیاری کردووە، جۆرە چارەیەك بێ، بەڵام ئەو چارەکردنە زمانێکی پێوانەیی (کە بوونی نییە) دەسەپێنێ، ((زمانێکی پێوانەیی دیار)) کە بۆ ئەوەی شیعر بونیاد بنێین، بتوانین لێی دەرچیین ((لێی لادەین))، بەڵام لەبەر ئەوەی قسەکردنی ڕۆژانە لادانی زمانی لێ دەکەوێتەوە و دەرچوونە لە زمانی پێوانەیی، بۆیە دەشێ بڵێین لادانی زمانی دەکەوێتە نێو لادانی ڕۆژانەی بەکارهێنانی قسەکردنەوە، بەم جۆرەش وێنەکە تا ئەندازەیەك دەشێوێ، یان بەیەکگەیشتنێکی بە پیت دەخاتە نێوان شیعر وەك (یاریکردنێکی بەرزی زمانەوانی) و قسەکردنی ڕۆژانەوە.. چارەکردنی (کۆهین) وەك پشتبەستنێکی ڕەها (لە پێوانە و لادان) بۆ ناوکۆییە ڕەوانبێژەکان دەگەڕێتەوە، جا بۆ ئەوەی بگەینە پێناسەکردنی شیعر، وەك پێشنیارێکی نوێ خۆی دەنوێنێ. چونکە ئەو کێشە کۆن و نائومێدکەرانەی کە لە دەوری پەیوەندیی فۆرم و ناوەڕۆکدا دەسوڕێنەوە، تەنیا وێستگەیەکی بچووك پێك دەهێنن، کە دەشێ بۆ ئەوەی لێی دوور بکەوینەوە، لێی بوەستین، واتە لێکۆڵینەوە تەقلیدییەکانی شیعر (سەرەڕای هەوڵەکانیان) هەر لەنێوان (هەژاری و

کەمخوێنی) دێن و دەڕۆن، دەڵێن فۆرم لە ناوەڕۆك جیا نابێتەوە، پاشان دەڵێن شیعر ئەوەیە کە فۆرم و ناوەڕۆك لەگەڵ یەکتر هاوسەنگ بێت ((هاوڕێك بەیەکەوە ڕێ بکەن)) ئەوەش چارەیەکی ئاسان و سازشکارانەیە، پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوون و ڕاستی نییە. چونکە ڕەگەزەکانی فۆرم ناسراون و دەتوانین دەستنیشانیان بکەین و ئەرکەکانیان بژمێرین و دیارییان بکەین، وەك چۆن دەتوانین ڕەگەزەکانی ناوەڕۆك دیاری بکەین و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکەین. کەچی لە پەخشان و بە دیاریکراوی پەخشانی ئەدەبی، هاوسەنگییەك لەنێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا هەیە. بەڵام بەنسبەت پەخشانی زانستی ناوەڕۆك بەسەر فۆرمدا زاڵە، چونکە فۆرم لە پەخشانی زانستیدا ئامرازێکە بە وردی ئەرکی گەیاندنی ناوەڕۆکە. کەواتە تەنها شیعر لە بایەخی فۆرم بەسەر ناوەڕۆکدا ناوازەیە، واتە لە بایەخی فۆرمەوە دەتوانین ئاستی پێشکەوتنی شیعرەکە و دابەزینی هونەری دیاری بکەین. فۆرم ئاراستەکانی ناوەڕۆکی قەسیدە دیاری دەکات، ئاراستەکانیش فەزای قەسیدەکە دەجووڵێنن و ئەو ئامانجانە دیاری دەکەن، کە قەسیدەکە هەوڵی بۆ دەدات، هەمووشیان تەگەرەن و جووڵەی فۆرم بۆ خۆیان کێش دەکەن. فۆرم ڕووتکردنەوەی فۆرم دیاری دەکات، فۆرم بەندە بە بەشتکردنی ناوەڕۆکی دیاریکراوی فۆرمەوە، حەقیقەتی ئەو شتەش ئەوەیە، کە فۆرم نوێنەرایەتی ڕێڕەوێك دەکات، کە لە میانیدا دەتوانین ناوەڕۆکی (هەرچی بێت) بە کردە نوێنەرایەتی بکەین. زمان لە کۆمەڵێ ڕەگەز پێکهاتووە بە ناوکۆییەکی دیاریکراوەوە بەندە، کە زمان دەکاتە فۆرم، نەك جەوهەر، بۆیە شیعر بەرهەمە، یان بەرهەمێکی ئەو ناکۆییەیە، واتە بەرهەمێکە لە (فۆرم)دا نەك لە جەوهەر، بۆیە شیعر فۆرمە لە فۆرمدا، یان میتافۆرم. بەڵام شیعر فۆرمی زمانەوانی نییە، بۆیە مافی ئەوەمان هەیە بپرسین جەوهەری شیعر بۆ کوێ چووە، جەوهەری شیعر کامەیە و چۆن بەدەست دێت؟ جەوهەر لە ڕەگەزەکانی زماندا بوونی هەیە، نەك لە دەرەوەی زمان، نەك لە کۆمەڵە شتێکی دەرەوەی زمان ((کۆمەڵە شتێك کە دەرك دەکرێن.. هتد)) ئەو شتانەی کە دەرك دەکرێن لەگەڵ جەوهەری ناسراوی فیزیادا یەك دەگرێتەوە، کەواتە جەوهەری شیعری، نەك جەوهەری فیزیایی لە کوێیەدایە؟ من پێم وایە (جەوهەری شیعری) بە شێوەی فۆرم لە وەدیهێنانی هەبووەکاندایە، لەبەر ئەوەی (وەدیهێنانی هەبووەکان) ئەگەرێکی لاوازە و بە گشتی دەکەوێتە نێو مەحاڵەکانەوە، بۆیە جەوهەری شیعری لە ناوەوەماندا وەك وەهمێکی جوان، نامۆ، سەرسوڕهێنەر خۆی دەشارێتەوە. بەم جۆرە دەتوانین دوای ئەو بەدواداچوونە بڵێین جەوهەری شیعری نە لە واقیعدایە، نە لە قەسیدەدا، بەڵکوو لە ناخی شاعیریدایە،

جەوهەری شیعری پەندۆلێکە ((چاڵمە- لە هاتووچۆکردنی پەندۆڵی سەعاتەوە هاتووە)) لەنێوان شاعیر و ئەوەی دەینووسێ هاتوچۆ دەکات، بەڵام کەی ئارام دەبێتەوە، ئەوە تەنها مردن دەزانێ، مەبەستم مردنی شاعیرە. نووسین بە کورتکردنەوەی زمان هەڵدەسێت، بە داپاچینی زیادە و درێژدارییە ئاڵۆزەکانی، پاشان ئەدەب ((لە نووسیندا)) خێرا بە کەمکردنەوەی ئاڵۆزی خانەکانی نووسین هەڵدەستێ، بۆ ئەوەش شیعر بە تایبەتی دوایین ڕۆڵ دەگێڕێ، بەم جۆرە بابەتەکە وەك هەڕەمێکی بنکە فرەوان بە ئاراستەیەکی ورد و ناسك بەرەو لوتکە دەبێتەوە، بێگومان بنکە فرەوانەکەی ئەو هەڕەمەش زمانە. بەڵام لوتکەکەی شیعرە. لەوێدا فۆرمی شیعری وەك بارستەیەك لە ڕەمز و ئاماژە، ڕۆناکی دەبەخشێت و هەوڵ دەدات دووبارە بێتەوە و بێتە (میتافۆرمێکی باڵا)ی زمان، بەو ڕێگایەش زمان پاك بکاتەوە، لەوێشەوە وەك ئاماژەکاریی مۆزیکا بیچنێ، ئەوەش دووبارە هەوڵێکە بۆ پاککردنەوەی عەقڵی مرۆیی و هەڵوەشانەوەی بەردەوامی بنبەستووەکانی ڕەوانبێژی و ناڕەوانبێژی، کە زمان پشتی پێ دەبەستێت. هەموو هەوڵە دووبارەکانی شاعیرە گەورەکان بۆ گەیشتن بە ئاستە باشەکانی نووسین بە دڵنیاییەوە هەوڵی تاکەکەسین، کە کاتێ شیعر دووچاری چەقبەستن دێ، یان لە ئاستێکدا قەتیس دەبێت، ئەوە لە ئەگەری کەوتن ((ڕووخان))ی شیاو ڕزگاری دەکەن. بۆیە بازدان لە نووسیندا لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی دیکەی بەرزتر، هەر تەنها بە واتای باڵایی عەقڵ و ڕۆح نایەت، بەڵکوو چاککردن و کورتکردنەوەی زمانە. بەم جۆرە شیعر زمان دەکاتە دەقێکی کراوە، میکانیزمە شیعرییەکانی دەگۆڕێ تا کونیلەکانی زمان بکاتەوە، بۆ ئەوەی زمان بە جوانی هەناسە بدات و درێژە بە ژیان بدات. داتاشینی زمان (لە ڕێگای شیعرەوە) واتای کەمکردنەوەی دەستەواژە بەکارهێنراوەکانی شیعر نییە، بەڵکوو بە واتای شۆردنی بەردەوامی دەستەواژە جێگیر و بەکاربردووە ماندووەکان دێت، یان بە مانای گواستنەوەی دەستەواژە دووبارەبووەکانە بۆ کۆمەڵێ شێوازی نوێی بەکارهێنان، واتە وروژانی دەستەواژە نوێیەکان، بۆ ئەوەی دەستەواژە نوێیەکانیش ئاوێتەی زمانی باو بن و زمان بکەنەوە، ئەگەر زمانیش بکرێتەوە ئەوە عەقڵیش دەکرێتەوە و تەواوی ژیانیش دەکرێتەوە، بەم جۆرە شیعر بواری ژیانی بەرفرەوان دەکات، وەك چۆن بواری عەقڵ و زمانی بەرفرەوان دەکات، ئەوەش وەك ئەرکی یەکەم و نایابی شیعر تەماشا دەکرێ. کەواتە ئەگەر ئێمە وەك ڕەخنەگر، واقیع یان خودی شاعیر وەك شوێنی بەدیهێنانی جەوهەری شیعری بە دوور بگرین، ئەوە بەو مانایەیە، کە بڵێین شیعر فۆرمی بەدیهێنان و دەرکەوتنی ئەو جەوهەرەیە. بەو شێوەیە زمان هەر

قسەکردن نییە، لە بواری واقیعی و دەروونی، یان سۆزداری ناوەوە و دەرەوەی شاعیر، بەڵکوو ڕۆڵێکی نائاسایی لە شیعردا دەنوێنێ. زمان لە شیعردا هەر تەنها دالی مەدلولەکان نییە، کە لەنێو فەرهەنگاندا دەیدۆزینەوە، یان لە سۆز و هەستی شاعیردا دەیدۆزینەوە.. بەڵکوو ((زمان لە شیعردا)) بە تەواوی بوونێکی سەربەخۆی دیکەیە. (یاکۆبسن) دەڵێت: (بەڵام شاعیریەت چۆن دەردەکەوێت؟ لەوەدا دەردەکەوێت، کە وشە وەك وشە هەستی پێ بکرێت، نەك وەك جێگرەوەیەك بۆ ئەو شتەی کە بە ناوی کراوەتەوە، یان وەك دەرکەوتنی هەست و سۆزی وشەکان و پێکهاتە و دەلالەت و شێوەی ناوەوە و دەرەوەیان، شاعیریەت تەنها شانشنێکی جیا لە واقیع نییە، ئەگەرچی کێشی تایبەتی خۆی و بەهای تایبەتی خۆی هەیە). زمان لە بنەمادا دنیایەکی سەربەخۆیە لە واقیع، بەڵام زمان پەیوەندییە سوودگەرا مەزنەکەی خۆی لەگەڵ واقیع دەپارێزێ. کەچی شیعر زمانێکی سەربەخۆیە لەنێو زماندا و بەیەك هەنگاو لە زمان دوور دەکەوێتەوە و بە دوو هەنگاو لە واقیع، بۆیە شیعر پەیوەندی لەگەڵ زمان و واقیع پەیوەندییەکی دژئامێز و جوانە و لەسەر ملکەچنەبوون وەستاوە. شیعر بریتییە لە زیادەڕۆیی زمان و واقیع لە بەریەککەوتنی نوێی تەقەڵەکانی چنین و پێشنیارکردنی سیستمێکی دیکە بۆ زمان و واقیع. ((شیعر بە ئاسایی خرایە نێو چواچێوەی پێدراوەکانی زمان، چونکە هیچ مەودایەکی لەنێوان (واقیع و زماندا) دانەناوە. شیعر خرایە نێو پێدراوەکانی زمان، چونکە دەیەوێ واقیع کۆپی بکاتەوە، کاتێ واقیع کۆپی دەکاتەوە، شیعر دەبێتە بەشێکی مردووی واقیع.)) کەواتە هەمیشە شیعر وەك شوێنی مەترسیداری ئاگایی و بلێسە، لە زمان و واقیعدا و بە شێوەیەکی نوێ وزەی خۆی لە تێگەیشتن بەدەست دەهێنێتەوە، دوور لەو ناونانانەی کە ئێمە لە ڕابردوو وەك شیعر پێمان دابوو، بەڵام ئەمڕۆ کات ڕێگا نادات هەمان ئەرك بە شیعر ببەخشین. لێرەدا ئەوەی پێشنیارمان کردووە ئەوەیە، کە شیعر لەو هەوڵانە دادەبڕێ کە نوێنەرایەتی واقیعی جوانناسی یان زمانی دەکات، بەڵکوو شیعر لەلایەك جەخت لە سەربەخۆیی خۆی و ئەرکی شیعری دەکاتەوە و لەلایەکی دیکە هەوڵ دەدات خزمەتێکی گەورە بە زمان و واقیع بگەیەنێت، پیسبوونی زمان و واقیع بە شیعر، ئەگەرێکی نایابی شیعرە، تاکو چالاکی نوێ بۆ بزاڤێکی جیاواز. بۆ هەژاندنی خانەکانی خۆی بخاتەوە و هیچ سەرهەڵدانێکی نوی بۆ ئەوان نەهێڵێتەوە، ئەگەرچی شیعر لە ئەنجامدا هەوڵ بۆ زیندووکردنەوەی زمان و واقیع دەدات، بەڵام بەردەوام خۆی لێیان دابڕێت.

**سەرچاوە:**

رۆژنامەی (زەمان)

ژمارە 1933 ڕێکەوتی 2004/10/5

تێبینی: ((جووت کەوانەکان)) بۆ ڕوونکردنەوەی زێتر، وەرگێڕ دایناون.